کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:18 28-7-2007

**د. نوری بەبەڵێن و بە وەفایە لای تۆ ئاغا ... دیامان مستەفا**

بەرپرسە کوردەکان بەراستی جیگای گلەیین نەك لای من ئەستەخفراللە حەدم نیە ئەصلەن من هەر گلەی یان لی بکەم ئەگەر لەگەل دەنگی گشتیدا نەبێت بەرێزیك لە کوردستان نێت دا نوسیویەتی بەراستی دتۆر نوری بەبەڵێن و بەوەفایە منیش ئەلیێم بەبەلێن و بەوەفایە لەگەل تۆ بەڵام ئەی میللەت چی ئەلێن با زۆر دور نەرۆین هەرلەم ماوە کوردتەی چەند رۆژێك پێش ئێستادا بەڕێز هەڵمەت خالید نامەیەکی کراوەی بۆ سەرۆکی حکومەت نووسی پاشان چەندین نامەی رونکردنەوە بۆ هەڵمەت خالید هاتەوە لە وانە یەکێکیان بەراشکاوی ئەوە ئەلێت کە دکتۆر نوری بریاریداوە کە لیژنەی تەندروستی رابگیرێت ئەولیژنەیەیی چارەسەریی نەخۆشیە کانی دەکرد لە دەرە وە چونکە لەناوە وە چارەسەری نەئەکرا هۆکاری راگرتنەکەی ئەگەرێنێتەوە بۆ ئەوەی بارگرانیەك ئەخاتەسەرشانی حکومەت دەستت خۆش بێت. بە خەمەی حکومەتەکەوەیە. بەڵام کاتیك ئەو راستیە ئاشکرابوو چەندین نامەی کراوە بۆ دکتۆر نوری هات سەبارەت بەهاوکاری کردنی هەلمەت خالید لەسەنتەری رۆشنبیریی قوشتەپە هەموو نامە کراوەکان دەنگی خەلکی کوردستانن و پشتگیریان لە و بەرێزە ئەکرد بەلام من ئاگەدارم تا ئێستا دکتۆر نوری بەچاك و بەخەراپ گویی لەدەنگی ئەو خەلکە نەگرتوە و هیچ حیسابێکی بۆماندوبونی ئەو لاوەی کەچەند ساڵێکە بەخۆرای خزمەتی لاوانی قوشتەپە ئەکات نەکراوە لەکۆتایدا بەرێزم بەناوی هەموو خەلکەوە قسە مەکە و تەنیا رایی خۆت دەرببرە ئەگەر ئەمجارە نوسینێکت بۆ شوینیك نوسی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.